# ئەو دەمەی ئازادی هەڕەشەی لێدەکرێ

**کرمانج عەلی**
kirmanjali@yahoo.com



لە هەفتەی رابردوودا، پەسەندکردنی یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەری لە پەرلەمانی کوردستان دەنگ و سەداو هەرایەکی زۆری نایەوە. ئەم رووداوە هێندە بە گەرمی خۆی خستە سەر سەکۆ سیاسی و ئیعلامی و جەماوەرییەکان، تەنانەت کۆمەڵێک رووداوی دیکەی گرنگی وەک جێبەجێنەکردنی مادەی **140** و سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغداو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغداو ئەگەری گۆڕینی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و کێشەی پەکەکە-تورکیاو ئیعدامکردن یان نەکردنی تاوانبارانی ئەنفال، لە ریزبەندی گەرمی و گرنگی پرسەکان کەوتنە دوای ئەم مەسەلەیە.

بەهۆی ئەوەی لە پەراوێزی ئازادی هەرێمدا، میدیاکان لەم چەند ساڵەی دواییدا (سەرباری کەمو کووڕی و هەڵەکان) توانیویانە تا ئەندازەی هەراسانکردنی دەسەڵاتداران پەنجە بخەنە سەر گەندەڵیەکان و چەند تەبخەیەکی نێو ناندینە پڕ پەنهانەکانی حزب و حکومەت ئاشکرابکەن، هەروەها میدیا توانیویەتی تارادەیەک لە دەرگا ژەنگاوییەکانی هەندێ داب و نەریتی کۆنەپەرستانە بدات و تۆزی سەرخانی چەند خورافاتێکی بەسەرچوو داتەکێنێ، بۆیە لە قاڵبدان و بەرتەسککردنەوەی ئەم ئاراستەیە ئامانجی هەندێ ناوەندی دژە دیمۆکراسی و ئەو هێزە کۆنەخوازانە بووە کە بەرژەوەندییان لەگەڵ درکاندنی راستییەکان یەکناگرێتەوە.

یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری بەو شێوەیەی کە لە پەرلەمان پەسەندکرا ئەگەرچی هەندێ بڕگەو بەندی یاسایی باشی تێدایە بە قازانجی رۆژنامەنووسان، بەڵام لە هەمانکاتدا بە شێوە گشتییەکەی لەمپەریکە لە بەردەم راییکردنی ئازادانەی کاری رۆژنامەنووسی و هەوڵێکە بۆ جڵەوکردنی قەڵەمە ئازادەکان. کردنی چەندین چەمکی لاستیکی وەک دابو نەریت و ئاسایشی گشتی بە هێڵی سوور بۆ رۆژنامەنووسان، جگە لە سنووردارکردنی ئازادی و بەندکردنی فیکری پێشکەوتنخوازانە هیچ واتایەک نابەخشێ، چونکە خودی ئەم چەمکانە هێندە سەراپاگیرن لە رووی جوگرافیای شرۆڤەو لێکدانەوەوە (التفسیر و التڕویل)و هێندە لاستیکین لە رووی بەکارهێنانەوە، زەحمەتە نووسینێکی رەخنەئامێز ی جدی، ریپۆرتاژیکی جەریئانە، هەواڵێکی سەرنجڕاکێش لە ترافیکی ئەم هێڵە سوورانە دەربازی بێ. سەپاندنی سزای قورسی دارایی و داخستنی رۆژنامەکان بە پاساوی پابەند نەبوون بە بڕگەکانی ئەم یاسایە تانەیەکی ترە لە یاساکە دەدرێت، چونکە سزادانی توندی بەم شێوەیە تەقلیدیکی خراپی ئەو سیستەمە تۆتالیتارییانەیە کە هەوڵی کپکردنی هەناسەکانی ئازادی دەدەن.

داکۆکیکردن لە ئازادی رۆژنامەگەری بە تەنیا ئەرکی رۆژنامەنووسان نیە، بەلکو ئەرکی هەمووکۆمەڵگەیە چونکە دواجار کۆمەڵگە لە بەرهەمی مەودای فراوانی ئازادی سوودمەند دەبێ و بە راستییە شاراوەکان ئاشنا دەبێ.

**لە رووی کاریگەری دەرەوەش دیسان پەسەندکردنی ئـەم یاسـایەی پەرلـەمان کاریگـەری خراپی دەبیٚ، چونکە ئیٚمـە کـە سـەری زمـان و بـنی زمانمـان ستایـشی ئـەزموونی دیٚمۆکراسـی هەریٚمەکەمانە، ناکریٚ لە کاتی خۆنمایشکردن لەسەر شانۆی دیٚمۆکراسی، یاسا کۆنەخوازەکان بـە بەرۆکی ئەزموونەکەمانەوە بیٚ.، کاتی ئەوە هاتوە کە بزانین دەرەوە ( بەتایبەت رۆژاوا) ئەوەنـدەی دەقە یاساییەکان دەخویٚنیٚتەوە ئەوەندە گویٚ لە هاش و هووشی دروشمەکان ناگریٚ.**

**دوا دەرفەت بۆ کارپیٚنەکردنی ئەم یاسایە گیڕانەوەیەتی لەلایەن سـەرۆکی هەریٚمـەوە بـۆ پەرلەمان و دووبارە هەموارکردنەوەیەتی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پیٚشنیارو تیٚبینییانەی کە تاکو ئیٚستا دراون. بە تایبەت ئیٚستا بە فەرمی سەندیکای رۆژنامەنووسـان (کـە خـاوەنی ئەسـڵی پرۆژەکەیە) ناڕەزایی خۆی بەرامبەر یاساکە دەربڕیوە. بەمەش ئەگـەری هەموارکردنـەوە چانـسی زیاتری هەیە. ئەگەر سەرۆکی هەریم یاساکەی رەتکـردەوە ( کەبـە بۆچـوونی مـن وا دەبیٚ)، ئـەوا توانیومانە هەڕەشەیەک بۆسەر ئازادی نەهیٚڵین ....ئاخۆ ئەوکات زۆرینـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان (ئەوانەی دەنگیان بە یاساکە داوە) لە بەردەم ئازادیدا چ بڵیٚن؟؟؟**